ئاگادارییەک لە هاتوچۆی سلێمانییەوە بۆ شۆفێران

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی شۆفێران ئاگادار دەکاتەوە کە بەهۆی داڕمانی پردی تاسڵوجەوە دەبێت بە وریاییەوە لەو شەقامەدا شۆفێری بکەن.

ئەمڕۆ یەکشەممە، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، ئاگاداری سەرجەم ئەو شۆفێرانە دەکەنەوە کە رێیان دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی سەر پردی تاسڵوجە بەرەو ئاڕاستەی رێگای تاسڵوجە – سلێمانی، بە وریاییەوە شۆفێری بکەن.

ئاماژەی بەوەش کردووە، بەشێک لە گردی تەنیشتی ئەو شەقامە کە پێشتر داتاشینی بۆ کرابوو، لە ئێستادا بەهۆی بارانبارینەوە داڕماوە.

ئەوەشی خستووەتە روو، ئەگەرچی داڕمانی ئەو گردە نەگەشتووەتە سەر شەقامەکە، بەڵام باشتر وایە شۆفێران بە ئاگاییەوە شۆفێری بکەن.